# شیوەن

دایکی لاس/ عەینکاوە

شیوەن ئەگێڕم بۆ عەشقی پاکم
هەرچەند نەگەیشتم بە ئاواتم
شیوەن ئەگێڕم لە کۆڕی ماتەمی عەشق
وام ئەزانی .. تەنهام و شیوەن ئەگێڕم
نازانم کۆڕی ماتەمم وەها خامۆشە
هەمو گریان و دەردی بێ وەفای عەشقە
هەمو چاوێک فرمێسکی لێ ئەتکێ
خەریکە کەشتی کۆڕم نقوم بێ
نازانم ئەمە دەردە و لەهەموو کەسێک دێ
کەس بینیویەتی لە چاوی مەلێک فرمێسک بتکێ؟!
ئەوی بەزەیی بە حاڵیشم دێ و شیوەنم بۆ ئەگێڕێ
کەس بینیویەتی ماسی بگرێی و فرمێسکی هەبێ؟
ئاخۆ ئەم مروارییانە هەموو فرمێسکی ماسین ؟؟!
ئاخۆ دەریاش شیوەنم بۆ ئەگێڕێ
بۆیە شەپۆلەکانی ناخی زۆر بە بێ زەییانە ئەشڵەژێ
هەورەکان ڕەشیان پۆشی و لە ناخیانەوە دەگرمێنن
بە هەموو دەنگیان هاوار دەکەن و شیوەنم بۆ دەگێڕن
فرمێسکی گەشیان بۆ من دەبارێنن